# ٣٤ مژدەی

# بەدەستهێنانی پاداشت

# بەهۆی دەستنوێژ و نوێژەوە

وەرگێڕ: زریان سەرچناری

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وبعد:

بەڕاستی خوای گەورە ڕێزی ناوە لە بەندەکانی بە پەرستن و گوێڕایەڵی کردنی، وە مژدەی داونەتێ بە پاداشتی گەورە و نەبڕاوە لەسەر زۆربەی پەرستنەکان، لەو پاداشتانەش ئەو مژدانەیە کە لەبارەی سوود و چاکەکانی دەستنوێژ و نوێژ هاتوون، بریتین لە:

**سوودەکانی دەستنوێژ:**

**١ - مژدەی لێخۆشبوونی تاوانەکان:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ ثُمَّ مَشَى إِلَى صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ.)[١]

واتە: هەرکەس دەستنوێژ بگرێت وە جوان بیگرێت، پاشان بڕوات بۆ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکەی و ئەنجامی بدات، خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت.

**٢- مژدەی دەرچوونی هەڵە و تاوان لە لەش:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ خَرَجَتْ خَطَايَاهُ مِنْ جَسَدِهِ حَتَّى تَخْرُجَ مِنْ تَحْتِ أَظْفَارِهِ.) [٢]

واتە: هەرکەس جوان دەستنوێژ بگرێت، هەڵەکانی لە لاشەی دەردەچن تاکوو لە بن نینۆکەکانییەوە دەچنە دەرێ.

٣- مژدەی ئەوەی کە جوان دەستنوێژگرتن هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی هەڵە و بەرزبوونەوەی پلەیە لە بەهەشتدا: پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: (ألا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو

[١] (مسند الإمام أحمد وقال شيخ الأرناؤوط إسناده صحيح على شرط الشيخين).

[٢] (رواه مسلم).

اللهُ بِهِ الخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ ؟)) قَالُوا: بَلَى، يَا رسولَ اللهِ، قَالَ: (( إِسْبَاغُ الوُضُوءِ عَلَى المكَارِهِ ، وَكَثْرَةُ الخُطَا إِلَى المِسَاجِدِ ، وَانْتِظَارُ الصَّلاةِ بَعْدَ الصَّلاةِ فَذلِكُمُ الرِّبَاطُ.[٣])

واتە: ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە خوای گەورە هەڵەکانی پێ دەسڕێتەوە و پلەی پێ بەرزدەکاتەوە، وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێمان بڵێ، فەرمووی: دەستنوێژگرتن بە جوانی کاتی ناڕەحەتی، وە زۆر هەنگاو نان بۆ مزگەوت، وە دوای ئەمجامدانی نوێژێک چاوەڕوانی کردنی نوێژی دوای ئەو، کە ئەم چاوەڕوانییە وەک ئێشکگرتن وایە بەرانبەر دوژمنان لە ڕێی خوادا.

## ٤- مژدەی کرانەوەی هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشت:

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَأُ فَيُبْلِغُ (أَوْ فَيُسْبِغُ) الْوُضُوءَ ثُمّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنّ لاَ إِلَهَ أَلاّ اللهُ وَأَنّ مُحمّداً عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ، إِلّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنّةِ الثّمَانِيَةُ، يَدْخُلُ مِنْ أَيّهَا شَاءَ.) [٤]

واتە: هەرکەس لە ئێوە دەستنوێژێکی جوان بگرێت، پاشان بڵێت: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە الله نەبێت، تەنیایە و هیچ هاوەڵێکی نییە، وە شایەتی دەدەم کە موحەمەد بەندە و نێردراوێتی، ئەوا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە کامیانەوە ویستی دەچێتە ناوی.

## سوودەکانی نوێژ:

## ٥- مژدەی هەبوونی ڕوناکی تەواو لە ڕۆژی قیامەتدا:

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (بَشِّرِ المَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إلى المَسَاجِدِ بِالنُّورِ التَّامِّ يَوْمَ القِيَامَةِ.) [٥]

واتە: مژدە بدە بەوانەی بەتاریکی دەچن بۆ مزگەوت بۆ (نوێژی بەیانی و عیشا)، کە دەبنە خاوەنی نوورێکی تەواو لە ڕۆژی قیامەتدا.

---

٣ (رواه مسلم)

٤ (رواه مسلم).

٥ (رواه أبو داود والترمذي). وقال الالباني صحيح لغيره.

**٦- مژدەی ئامادەکردنی سفرەوخوان بۆی لە بەهەشتدا:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ غَدَا إِلَى الْمَسْجِدِ أَوْ رَاحَ، أَعَدّ الله لَهُ فِي الْجَنّةِ نُزُلاً، كُلّمَا غَدَا أَوْ رَاحَ.[٦])

واتە: هەرکەس بەیانیان یان ئێواران بچێت بۆ مزگەوت، ئەوا خوای گەورە لە بەهەشتدا سفرە و خوانێکی بۆ دەڕازێنێتەوە.

**٧- مژدەی ئەوەی کە هەر هەنگاوێکی تاوانێک دەسڕێتەوە و هەنگاوێکی تری پلەیەکی بەرزدەکاتەوە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ، ثُمَّ مَضَى إِلى بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ، لِيَقْضِي فَرِيضَةً مِنْ فَرَائِضِ اللَّهِ، كَانَتْ خُطُوَاتُهُ، إِحْدَاهَا تَحُطُّ خَطِيئَةً، وَالأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً.) [٧]

واتە: هەر کەس لە ماڵەوە دەستنوێژ بگرێت و بچێت بۆ ماڵێک لە ماڵەکانی خوا (واتا مزگەوت) بۆ ئەنجامدانی نوێژێکی فەرز، هەرهەنگاوێک دەنێت یەکێکیان تاوانێکی دەسڕێتەوە و هەنگاوێکی تری پلەیەکی بەرزدەکاتەوە لە بەهەشتدا.

**٨- مژدە بۆ ئەوانەی کە پێش وەخت دێن بۆ مزگەوت پاداشتێکی گەورەیان هەیە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (لَوْ يَعْلَمِ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الأَوَّلِ ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلاَّ أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لاسْتَهَمُوا وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ لاسْتَبَقُوا إِلَيْهِ ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ لأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا.)[٨]

واتە: ئەگەر خەڵک بیان زانیایە چ پاداشتێک هەیە لە بانگ و ڕیزی یەکەمی نوێژدا، ئەوا تیروپشکان بۆ دەکرد، وە ئەگەر بیان زانیایە زووهاتن بۆ مزگەوت چەند خێرە، پێشبڕکێیان بۆ دەکرد، وە ئەگەر بیان زانیبا نوێژی بەیانی و عیشا چەند پاداشتی هەیە، ئەوا بە سنگەخشیش بوایە بۆیان دەهاتن.

---

[٦] (رواه البخاري ومسلم).

[٧] (رواه مسلم).

[٨] (متفق عليه). «الاستهام»: الاقتراع، و«التهجير»: التبكير إلى الصلاة.

**٩- مژده بەوانەی کە شوێنیان دوورترە لە مزگەوەتەوە پاداشتیان زیاترە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنّ أَعْظَمَ النّاسِ أَجْراً فِي الصّلاَةِ أَبْعَدُهُمْ إِلَيْهَا مَمْشىً، فَأَبْعَدُهُمْ. وَالّذِي يَنْتَظِرُ الصّلاَةَ حَتّى يُصَلّيَهَا مَعَ الإِمَامِ أَعْظَمُ أَجْراً مِنَ الّذِي يُصَلّيهَا ثُمّ يَنَامُ.) [٩]

واتە: ئەو خەڵکە پاداشتی نوێژەکەیان زیاترە کە دووربن لە مزگەوتەوە، پاشان دوورتر، وە ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی ئیمام دەبێت تا نوێژەکەی لەگەڵدا دەکات پاداشتی زیاترە لەو کەسەی کە نوێژەکەی بەتەنیا دەکات و دەخەوێت.

**١٠- مژدەی ئەوەی هەرکەس کە دێت بۆ مزگەوت میوانی خوای گەورەیە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ فِي بَيْتِهِ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ أَتَى الْمَسْجِدَ، فَهُوَ زَائِرُ اللَّهِ، وَحَقٌّ عَلَى الْمَزُورِ أَنْ يُكْرِمَ الزَّائِرَ.) [١٠]

واتە: هەرکەس لە ماڵەوە دەستنوێژ بگرێت و بە باشی بیگرێت، پاشان بێت بۆ مزگەوت، ئەوە دەبێتە میوانی خوای گەورە، وە مافی خۆیەتی کە خانەخوێ ڕێزی میوانەکەی بگرێت.

**١١- مژدەی ئەوەی هەرکەس لە چاوەڕوانی نوێژدابێت وەک ئەوەوایە لە ناو نوێژدابێت:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (لا يَزَالُ أَحَدُكُمْ في صَلاَةٍ مَا دَامَتِ الصَّلاَةُ تَحْبِسُهُ، لا يَمْنَعُهُ أَنْ يَنقَلِبَ إلى أَهلِهِ إلا الصَّلاةُ.)[١١]

واتە: هەر یەک لە ئێوە وەک ئەوە وایە کە لە ناو نوێژدا بێت مادەمێکو تەنیا لەبەر نوێژ خۆی هێشتۆتەوە لە شوینی نوێژکردنەکەی، وە هیچ شتێک ڕێگری نەکردووە بچێتەوە ناو ماڵومنداڵی خۆی، نوێژەکەی نەبێت.

---

٩ (رواه البخاري ومسلم).

١٠ وقال الهيثمي في مجمع الزوائد:(رواه الطبراني في"الكبير" وأحد إسناده رجاله رجال الصحيح).

١١ (رواه البخاري ومسلم).

**١٢- مژدەی شانازی کردنی خوا و فریشتەکانی:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ أَبْشِرُوا هَذَا رَبُّكُمْ قَدْ فَتَحَ بَابًا مِنْ أَبْوَابِ السَّمَاءِ يُبَاهِي بِكُمْ الْمَلَائِكَةَ يَقُولُ انْظُرُوا إِلَى عِبَادِي قَدْ قَضَوْا فَرِيضَةً وَهُمْ يَنْتَظِرُونَ أُخْرَى.) [١٢]

واتە: پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: مژدەتان لێبێت ئەوە خوای گەورە دەرگایەک لە دەرگاکانی ئاسمانی کردۆتەوە و لە ناو فریشتەکاندا شانازیتان پێوەدەکات دەفەرمووێت: تەماشای ئەو بەندانەم بکەن نوێژێکی فەرزیان ئەنجامداوە و چاوەڕێی نوێژی دواترن.

**١٣- مژدەی ئەوەی کە خوای گەورە و فریشتەکانی سەڵاوات دەدەن لە ڕیزی یەکەم:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الصَّفِّ الأَوَّلِ.) [١٣]

واتە: خوای گەورە و فریشتەکانی سەڵاوات دەدەن لەسەر ڕیزی یەکەمی نوێژی جەماعەت.

**١٤- مژدەی ئەوەی هەرکەس ئامین کردنەکەی یەک بکەوێت لەگەڵ ئامینی فریشتەکان، خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (إِذَا قَالَ أَحَدُكُمْ آمِينَ فَقَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ فِي السَّمَاءِ آمِينَ فَوَافَقَتْ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ.) [١٤]

واتە: لەوکاتەی کە پێشنوێژ دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە دەڵێت: ئامین، وە لەو کاتەشدا فریشتەکانی ئاسمان دەڵێن: ئامین، هەرکەس بڵێت ئامین و ئامینەکەی لەگەڵ ئامینی ئیمام و فریشتەکاندا یەک بکەوێت، خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت.

---

١٢ (رواه ابن ماجه).وقال الالباني في صحيح ابن ماجة، صحيح.

[١٣] (رواه أبو داود والنسائي).

[١٤] (رواه البخاري ومسلم).

**١٥- مژدەی ئەوەی هەرکەس نوێژی بەیانی بکات بە نێردراوی خوای گەورە دەنوسرێت** (وَفْدِ الرَّحْمَنِ):

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ، ثُمَّ أَتَى الْمَسْجِدَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الْفَجْرِ، ثُمَّ جَلَسَ حَتَّى يُصَلِّيَ الْفَجْرَ كُتِبَتْ صَلاتُهُ يَوْمَئِذٍ فِي صَلاةِ الأَبْرَارِ[١٥]، وَكُتِبَ فِي وَفْدِ الرَّحْمَنِ.) [١٦]

واتە: هەرکەس دەستنوێژ بگرێت و بێت بۆ مزگەوت، وە دوو ڕکات نوێژ ئەنجامبدات پێش نوێژی بەیانی، وە لە مزگەوت دابنیشێت تاکوو نوێژی بەیانی ئەنجامدەدات، نوێژی ئەو ڕۆژەی لە ناو نوێژی ئەبراردا دەنوسرێت واتا: ئیماندارە چاکەکارە ڕاستەقینەکان، وە خۆشی بە نێردراوی خوا حساب دەکرێت واتا وەفدی ڕەحمان.

**١٦- مژدەی ئەوەی کە هەرکەس نوێژی بەیانی بکات لە ژێر پارێزگاری خوای گەورەدا دەبێت:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ صَلَّى صَلاةَ الصُّبْحِ فَهُوَ فِي ذِمَّةِ اللهِ...)[١٧]

واتە: هەرکەس نوێژی بەیانی ئەنجامبدات و نەیچوێنێت، ئەوا دەچێتە ژێر چاودێری و پارێزگاری خوای گەورەوە.

**١٧- مژدەی ئەوەی کە هەرکەس نوێژی بەیانی و عەسر بکات دەچێتە بەهەشتەوە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ صَلَّى الْبَرْدَيْنِ دَخَلَ الْجَنَّةَ.)[١٨]

واتە: هەرکەس نوێژی بەیانی و عەسر بکات دەچێتە بەهەشتەوە.

**١٨- مژدەی ئەوەی کە نوێژخوێن پارێزراوە لە چونە ئاگری دۆزەخ.**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (لَنْ يَلْجَ النّارَ أَحَدٌ صَلّىَ قَبْلَ طُلُوعِ الشّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا). يَعْنِي

---

١٥ جمع بر كأرباب وفي لباب التفسير للكرماني جمع بار وهم المؤمنون الصادقون في إيمانهم المخلصون المطيعون لربهم قال الحسن : هم الذين لا يؤذون الذر وقيل : هم الذين صدقوا فيما وعدوا والبر الصدق وقيل : هم المؤمنون المحسنون بالإخلاص والبر الإحسان.

١٦ (رواه الطبراني). وقال الهيثمي في (مجمع الزوائد) رواه الطبراني في الكبير وفيه القاسم أبو عبد الرحمن وهو مختلف في الاحتجاج به.

١٧ (رواه مسلم). ، ومعنى «في ذمة الله» أي: في حفظه وأمانه.

١٨ (رواه البخاري ومسلم). «البردان»: الصبح والعصر.

الْفَجْرَ وَالْعَصْرَ. [١٩]

واتە: ئەو کەسەی کە نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر بکات ناچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

**١٩- مژدەی چاودێری کردنی فریشتەکان:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (يَتَعَاقَبُون فِيكُمْ مَلَائِكَةٌ بِاللَّيْلِ وَمَلَائِكَةٌ بِالنَّهَارِ وَيَجْتَمِعُونَ فِي صَلَاةِ الْعَصْرِ وَصَلَاةِ الْفَجْرِ ثُمَّ يَعْرُجُ الَّذِينَ بَاتُوا فِيكُمْ فَيَسْأَلُهُمْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ فَيَقُولُ كَيْفَ تَرَكْتُمْ عِبَادِي فَيَقُولُونَ تَرَكْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ وَأَتَيْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ.) [٢٠]

واتە: پۆل پۆل فریشتە دەنێردرێنە ناوتان بە شەو و بە ڕۆژ، تاکوو لە نوێژی عەسر و بەیانیدا هەموویان کۆدەبنەوە و ئەوانەی کە لەناوتاندا ماونەتەوە هەڵدەکشێنەوە بۆ ئاسمان، ئیتر خوای گەورە لێیان دەپرسێت "هەرچەندە خۆی زاناترینە پێتان" دەفەرمووێت: بە چجۆرێک بەندەکانمتان بەچێهێشت؟ فریشتەکانیش دەڵێن: کە چوینە ناویان نوێژیان دەکرد وە کە هاتیشینەوە هەر نوێژیان دەکرد.

**٢٠- مژدەی نووسینی پاداشتی شەونوێژ بە تەواوی:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ شَهِدَ العِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ كَانَ لَهُ قِيَامُ نِصْفَ لَيلَةٍ، وَمَنْ صَلَّى العِشَاءَ وَالفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ ، كَانَ لَهُ كَقِيَامِ لَيْلَةٍ.)[٢١]

واتە: هەرکەس ئامادەی نوێژی عیشا بێت بەجەماعەت، وەک ئەوە وایە نیوەی ئەو شەوە هەستابێت بۆ شەونوێژ، وە هەر کەس ئامادەی نوێژی عیشا و بەیانی بێت و بەجەماعەت بیکات، وەک ئەوە وایە ئەو شەوە هەمووی هەستابێت بۆ شەونوێژ.

---

١٩ (رواه مسلم).

٢٠ (رواه البخاري ومسلم).

٢١ (رواه الترمذي). وقَالَ: ( حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحيحٌ ) .

**٢١- مژدەی ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ و دووڕوویی:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی:: (مَنْ صَلَّى لِلَّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا فِي جَمَاعَةٍ يُدْرِكُ التَّكْبِيرَةَ الْأُولَى كُتِبَتْ لَهُ بَرَاءَتَانِ بَرَاءَةٌ مِنْ النَّارِ وَبَرَاءَةٌ مِنْ النِّفَاقِ.) [٢٢]

واتە: هەر کەس ماوەی چل ڕۆژ بەبەردەوامی نوێژەکانی بەجەماعەت بکات، بە شێوەیەک کە فریاری (الله اکبر)ی نوێژ دابەستنی ئیمام بکەوێت، دوو ڕزگار بوونی بۆ دەنوسرێت، ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ و ڕزگار بوون لە دووڕوویی.

**٢٢- مژدەی ئەوەی کە نوێژی بەکۆمەڵ پاداشتی زیاترە لە نوێژی بە تەنیا:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (صَلاَةُ الْجَمَاعَةِ أَفْضَلُ مِنْ صَلاَةِ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً.) [٢٣]

واتە: نوێژی بەکۆمەڵ خێری بیست و حەوت ئەوەندەی نوێژی بەتەنیای هەیە.

**٢٣- مژدەی پاڕانەوەی فریشتەکان بۆ نوێژخوێن بە بەزەیی و لێخۆشبوون:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلاَّهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ مَا لَمْ يُحْدِثْ تَقُولُ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ.) [٢٤]

واتە: فریشتەکان دووعا دەکەن بۆ ئەو کەسەی بە دەستی بەدەستنوێژەوە لەو نوێژگەیەی دەمێنێتەوە کە نوێژی تێداکردووە، دەڵێن: خوایە لێی خۆش بە خوایە ڕەحمی پێبکە.

**٢٤- مژدەی ئەوەی کە مزگەوت وەک ماڵی هەموو خواپەرستێک وایە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (الْمَسْجِدُ بَيْتُ كُلِّ تَقِيٍّ.) [٢٥]

واتە: مزگەوت ماڵی هەموو مسوڵمانێکی لەخواترسە.

---

[٢٢] (رواه الترمذي).

[٢٣] (رواه البخاري ومسلم).

[٢٤] (رواه البخاري ومسلم).

[٢٥] (رواه الطبراني في الكبير والأوسط، والبزار وقال إسناده حسن).

**٢٥- مژدەی ئەوەی کە نوێژ پەیوەندی نێوان خوای گەورە و بەندەکانێتی:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى يُنَاجِي رَبَّهُ.) [٢٦]

واتە: هەر یەکێکتان کە نوێژ دەکاتە ئەوە چپە لەگەڵ پەروەردگاری خۆی دەکات.

**٢٦- مژدەی زەمانەتی خوایی بۆ کەسێک کە بەردەوام بێت لەسەر نوێژی بە کۆمەڵ:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: ( ثَلَاثَةٌ كُلُّهُمْ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ، إِنْ عَاشَ رُزِقَ وَكُفِيَ، وَإِنْ مَاتَ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ: مَنْ دَخَلَ بَيْتَهُ فَسَلَّمَ، فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ، فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ خَرَجَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ.)[٢٧]

واتە: سێ کۆمەڵ هەموویان لە زەمانەتی خوای گەورەدان، ئەگەر لە ژیاندا بمێنێت ڕۆزییان دەدەات وە ئەگەر مردیشن دەیانخاتە بەهەشتەوە: هەر کەس کە چووە ماڵەوە سەلامی کرد لە حازری، ئەوە لە زەمانەتی خوای گەورە دایە، وە هەر کەس لە ماڵ دەربچێت بۆ مزگەوت، ئەوە لە زەمانەتی خوای گەورەدایە، وە هەر کەس دەربچێت بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا، ئەوە لە زەمانەتی خوای گەورەدایە.

**٢٧- مژدە بۆ ئەوانەی کە نوێژەکانیان بە ملکەچی ئەنجام دەدەن:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (مَا مِنِ امْرِئٍ مُسْلِمٍ تَحْضُرُهُ صَلاَةٌ مَكْتُوبَةٌ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهَا وَخُشُوعَهَا وَرُكُوعَهَا إِلاَّ كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا قَبْلَهَا مِنَ الذُّنُوبِ مَا لَمْ يُؤْتِ كَبِيرَةً وَذَلِكَ الدَّهْرَ كُلَّهُ.)[٢٨]

واتە: هەر کەسێکی مسوڵمان بۆ نوێژە فەرزەکان جوان دەستنوێژ بگرێت وە دڵکزی و چونە کڕنوشەکەی جوان ببات، ئەوا ئەو نوێژەی دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوانەکانی پێشووی، بە مەرجێک گوناهی گەورەی ئەنجام نەدابێت. ئیتر بۆ هەموو ساڵەکە هەر بەو شیوەیەیە.

---

٢٦ (رواه البخاري).

٢٧ (رواه أبو داود وابن حبان في صحيحه).

٢٨ (رواه مسلم).

**٢٨- مژدەی ئەوەی کە نوێژ پشت و پەنایە لە کاتی ناڕەحەتی و بەرگریکارە لە بەدڕەوشتی و خراپەکاری:**

خوای گەورە فەرموویەتی: (وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ.)[٢٩]

واتە: هانا بەرن بۆ ئارامگری و بۆ نوێژ.

(اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ.)[٣٠]

واتە: ئەوی بۆت بەڕێ کراوە -لەم کتێبە- بیخوێنەوە و نوێژی بکە؛ نمێژ خوێندن [مرۆ] لە کاری ناشیرین و ناڕەوا دەپارێزێ.

**٢٩- مژدەی ئەوەی کە نوێژ باشترین و چاکترین کردەوەیە:**

(عَنْ اِبْنُ مَسْعُودٍ – τ– قَالَ : سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ – ﷺ– أيُّ الأعْمَالِ أفْضَلُ ؟ قَالَ : « الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا » قلتُ : ثُمَّ أيُّ ؟ قَالَ : « بِرُّ الوَالِدَيْنِ » قلتُ : ثُمَّ أيُّ ؟ قَالَ :« الجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ » .)[٣١]

واتە: ئیبنو عەبباس دەڵێت لە پێغەمبەرم پرسی باشترین کار چییە؟ فەرمووی ئەنجامدانی نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیدا، گوتم ئەی چیتر؟ فەرمووی: چاکە لەگەڵ دایک و باوک، گوتم چی تر؟ فەرمووی: تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا.

**٣٠- مژدەی ئەوەی کە نوێژ ڕوناکی دڵان و ڕۆشنایی چاوە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (الصَّلَاةُ نُورٌ)[٣٢] واتە: نوێژ نوور و ڕۆشناییيە .

**٣١- مژدەی سەرکەوتن:**

خوای گەورە فەرموویەتی: (وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا.)[٣٣]

---

٢٩ (البقرة: ٤٥)

٣٠ ( العنكبوت: ٤٥ )

٣١ (رواه مسلم).

٣٢ (رواه مسلم).

٣٣ (الأحزاب: ٧١).

واتە: هەر کەسێکی بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری خوا بێ، بە سەرکەوتنێکی گەورە گەیشتووە.

**٣٢- سەرکەوتن بەسەر ئارەزوەکانی نەفس دا:**

خوای گەورە فەرموویەتی: (وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى)[٣٤]

واتە: بەڵام کەسێ لە گەورەییی پەروەرندەی خۆی ترساوە و لە ئارەزووی دڵی خۆی وازی هێناوە، دیارە بەهەشت ئەنوای ئەوە.

**٣٣- تەماشا کردنی ڕوخساری خوای گەورە لە بەهەشتدا کە گەورەترین خۆشییە:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هذَا الْقَمَرَ، لاَ تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ لاَ تُغْلَبُوا عَلَى صَلاَةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا فَافْعَلُوا.)[٣٥]

واتە: ئێوە لە بەهەشتدا خوای خۆتان دەبینن وەک ئێستا چۆن ئەو مانگە دەبینن و کەستان لێی بێبەش نابن و گومانتان لە بینینی نییە، جا ئەگەر توانیتان کارێکی وا بکەن کە نوێژی بەیانی و عەسرتان لە کیس نەچێت ئەوا بیکەن.

**٣٤- دووری لە سیفەتی دووڕووەکان:**

پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (لَيْسَ صَلاَةٌ أَثْقَلَ عَلَى الْمُنَافِقِينَ مِنَ الْفَجْرِ وَالْعِشَاءِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا...)[٣٦]

واتە: هیچ نوێژێک لەلای دووڕووەکان ئەوەندەی نوێژی بەیانی و عیشا گران نییە، جا ئەگەر بیان زانیبا چەندە خێر و پاداشتی هەیە، ئەوا بە گاگۆڵکێش بوایە بۆی دەهاتن.

---

[٣٤] (النازعات: ٤٠، ٤١) .

[٣٥] (رواه البخاري ومسلم).

[٣٦] (رواه البخاري ومسلم).

**پلەی خەڵکی لە نوێژدا:**

پێشەوا (ئیبنو لقەییم)ی جەوزی فەرموویەتی:

خەڵکی لە نوێژدا پێنج پلەیان هەیە:

**یەکەمیان:** پلەی ستەمکار لە نەفسی خۆی و کەمتەرخەم، ئەویش ئەو کەسانەن کە کەموکوورِیان هەیە لە دەستنوێژ و کاتەکانی نوێژ و سنوور و پایەکانی نوێژ.

**دووەم:** ئەو کەسانەن کە پارێزگاری دەکەن لە کاتەکان و سنوور و پایە و ڕوکەشیەکانی نوێژەکانی، بەڵام تێکۆشانی لابردنی وەسوەسە و داڵغەی لەگەڵ نەفسی خۆیدا لەدەست داوە.

**سێیەم:** ئەو کەسەیە کە پارێزگاری لە سنوورەکانی و پایەکنی نوێژی کردووە لەگەڵ تێکۆشانی نەفسی خۆی بۆ لابردنی وەسوەسە و داڵغە لێدان، وە هەمشە سەرقاڵی تێکۆشانە لەگەڵ دوژمنەکەی، بۆ ئەوەی پاداشتی نوێژەکەی نەدزێت، بۆیە هەمیشە لە نوێژ و تێکۆشاندایە.

**چوارەم:** ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بۆ نوێژ مافی تەواوی خۆی پێدەدات و پایە و سنوورەکانی دەپارێت تەواوی دڵی دەدات بە چاودێری سنوورەکان و مافەکانی نوێژەکەی، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی لەدەست نەچێت، بەڵکوو هەموو بایەخێکی لای ئەوەیە کە وەکوو خۆی بە تەواوی و بێ کەموکوورِی ئەنجامی بدات، بۆیە دڵی نوقم بووە لە گرنگیدان بە چۆنییەتی نوێژەکەی و بەندایەتی پەروەردگاری بەرز و بڵندی تێیدا.

**پێنج:** ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بۆ نوێژ وەک ئەوی پێشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵەکەی هێناوە و لەبەردەم پەروەردگاری بەرز و بەشکۆی خۆیدا دایناوە، بەدڵ تەماشای خوای خۆی دەکات و هەست بەچاودێری دەکات، وە دڵی پڕە لە خۆشەویستی و بەگەورەدانانی، هەروەک چۆن خوای خۆی ببینێت، وە ئەو وەسوەسە و بیرانەی دێن بە دڵیدا پوکاونەتەوە وە پەردەی نێوانی و نێوان خوای خۆی لاداوە. بۆیە ئەم و خەڵکانی جگەلەم جیاوازیان زۆرە وەک جیاوازی نێوان ئاسمان و زەوی، چونکە لەناو نوێژەکەیدا سەقاڵە بە پەروەردگار و پێی ئاسوودە دەبێت.

جا بەشی یەکەم خوای گەورە سزای دەدات وە بەشی دووەم لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات، وە بەشی سێیەم لێیان خۆشدەبێت و چوارەم، پاداشتیان دەداتەوە و پێنجەم نزیک بۆتەوە لە پەروەردگاری، چونکە بەشێکی بەدەست هێناوە لە ئاسوودەیی و چاوڕۆشنی لە نوێژدەکەیدا، وە هەرکەس چاوی گەشبێتەوە بە نوێژەکەی لەم دنیادا، ئەوا چاوڕۆشن دەبێت بە بینینی پەروەردگاری لەو دنیا، وە چاویشی پێ ڕۆشن دەبێتەوە هەر لەم دنیا، جا هەرکەسێک چاوی بە خوای خۆی شادبێت ئەوا هەموو چاوەکان پێی شاددەبن، وە هەر کەسێکیش چاوی بە پەروەردگاری خۆی ڕۆشن نەبێت، ئەوا هەر لەم دنیایەدا غەم و پەژارەی هێناوە بەسەر خۆیدا.

لە کۆتایـــدا داواکارم لە خوای گـەورە ئەم کارەمان و سەرجەم کردەوە چاکەکانمان لێ وەرگرێت، وە پاداشتەکەیمان بۆ پاشەکەوت بکات بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگەڕێینەوە لای خۆی [يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ](شعراء ٨٨/٨٩) ئەو ڕۆژە کە ماڵومنداڵ بە کار نایەن. مەگین ئەوەی وەل دڵی پاک، بچێتە بارەگای خودا.
والحمد لله رب العالمين .اعداد دار القاسم.